# بابەت/ گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی کورد ... روانینێکی گشتی

د.شێرزاد ئەحمەد نەجار

٢٠٠٧/٢/١١

زۆر لە فەیلەسوف و بیرمەندەئەوروپیەکان هەوڵیان داوە لەکەیسی جیاوازی نێوان گرووپە مرۆییەکان و رەگەزەکانی ئەو جیاوازییە بکۆڵنەوە، هەروەها دیاری کردنی ئەوەی کە گرووپێ لەوانە نەتەوەیەکی تایبەت بەخۆیان پێکدەهێنن(١).

لەم بارەوە دوو ئاراستە پەیدا بووە:

یەکەم: جەخت دەکاتە سەر "کردەیی هەستیی هێزێکی باڵا" لەلای گرووپێکی مرۆیی و، ئەو کردەیە ئەڵمانەکان بەزاراوەیەکی تایبەت دیارییان کردووە کە ئەویش (رۆحی گەلە) کە دەکرێت لە رێگای چەندین رواڵەتەوە بناسرێت لەوانەش : زمان و داب و نەریتەکان و ئینتیمای نەژادی(٢).

دووەم: هەست و نەست و هەستیاری بەدوو بزوێنەری بنەڕەتی داناوە بۆ پێکهێنانی نەتەوە، لەبەر ئەوە (مازینی ١٨٢٣-١٨٩٢) پاڵەوانی نەتەوەیی ئیتاڵیا دەڵێ: "نیشتیمان پێش هەموو شتێك لە نەست کردن بە نیشتیمان هەر ئەوەش بوو بیرمەندی فەڕنسایی (رینان ١٨٢٣-١٨٩٢) لە تیۆرەکەیدا سەبارەت بەنەتەوە پشتی پێ بەستووە(٣).

ئەو هەست ونەستە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئیرادەی هاوبەش بۆ ئەوکەسانەی کە ئارەزووی ژیانی هاوبەشیان هەیە لەوەشەوە پرەنسیپی "ئازادی، رەفتارکردن" ی گەلان سەرچاوە دەگرێ، بەمانای هەر میللەتێك مافی خۆیەتی ئایندەی سیاسی خۆی بڕیار لەسەر بدات (٤)، ئەمەش بەو مانایە دێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پێویستە بنەمایەکی نەتەوەیی هەبێت. لەبەر ئەوە دەبینین پرەنسیپی نەتەوەکان لەو سەردەمەدا لە ئەوروپا دەستی بەبڵاوبوونەوە کردو وای لە ژمارەیەك لە بزووتنەوەکانی نەتەوەیی کرد بێنە سەرهەڵدان ، لەوانەش: بزووتنەوەی یەکبوون بە نەتەوەییەکان لەئیتاڵیاو ئەڵمانیا (٥). لە راستیدا ئەم بزووتنەوانە بەبێ هاوکاری فەیلەسووف و بیرمەندان و بەم شێوەیەی نەدەبوو کە سەریهەڵدا ئەوانەش چەندان (تیۆریز)ە کردنیان پێشکەش کرد بۆ پشتگیری ئەم بزووتنەوانەو رەوایەتییان، مێژوویینەکانیان زیندوو کردەوە، هەروەها داب و نەریتە هاوبەشەکانیان درێژەپێدا لەگرنگترین زمانی هاوبەش تێگەیشتن و خەڵکیان تێگەیاند زانیان چۆن هەست و نەستە کپ بووەکان دەربڕن و پێی بزانن، بەو کارە چ هێزێکیان پێ بەخشی(٦).کاتێ کە ئەم بابەتە وەردەگیرێ و قسەی لەسەر دەکرێ ئەم پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە: ئایا بەراستی هزرێکی نەتەوەیی کوردی هەیە گوزارشت لە دۆخی نەتەوەیەك بکات کە خاوەنی ویستی پێکەوە ژیانی هاوبەشی هەبێ؟ هەروەکو – مینۆرسکی – دەبێژێت مێژوو گەلی کورد مێژوویکی درێژو ئاڵۆزە(٧) و هەمیشە رۆڵێکی دیارو یەکلاکەرەوەی هەبووە لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەراست و مێژووی ئیسلامی دا (٨)، توێژینەوە نوێیەکان ئاماژە دەدەن بەوەی

كە ئەو ركابەرییە توندەی کە لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەفەویدا هەبوو لەسەدەی شانزەهەم دا (کەلەگەڵ هێرشەکەی سوڵتان سەلیمی یەکەم لە ١٥١٤ دەستی پێکرد ) بووە هۆی زۆر بوونی رۆڵی کورد لەدەڤەکە (٩) و ناوچەکانیان گۆڕا بۆ ناوچەی لێککەوتن (تەماس) لەناو ئەو ململانێیانەدا و لەساتەوەختەدا چەندین میرنشینی کورد، سەریان هەڵداوە و بووژانەوە (کە نیمچە سەربەخۆبوون لەوانەش: بۆتان ، هەکاری ، بادینان، سۆران، بابان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و میرنشینی ئەردەلان و موکریان لەناو سنووری ئیمپراتۆریەتی سەفەوی(١٥). ئاشکرایە ئەو ململانێیە بەردەوام و هەمیشەییە توندە بووە هۆی دابەشبوونێکی راستەقینەو کردەیی کوردستان و دەرئەنجامی (شەڕی چاڵدێران) ١٥١٤ بە پەیمانێکی نێو دەوڵەتیش لەساڵی ١٦٣٩ دا ئەو دابەش بوونە هاتە چەسپاندن(١١).

هەڵبەت ئەو رووداوە ئاسەوارێکی سایکۆلۆژی بەجێ هێشت لەسەر گەلی کورد (ئەمە سەرباری ئاسەوارە سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی کە بووە هۆی کۆسپ دانان لەبەردەم دروست کردنی پەیوەندی و بەیەکگەیشتن لەنێوان کوردانی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە. هزری هەروەها ئەوە زۆر بەقووڵی کاری کردە سەر سەرەتاکانی هزری نەتەوەیی و پێکهاتنی هەستی نەتەوەیی لەلای کورد.

(جیلنەر) ی توێژەر دەبێژێت: (لەراستیدا نەتەوەیی بریتی نییە لە بێداربوونەوەی هۆشمەندی خودی لەلای نەتەوەکان و ، بگرە ئەوە داهێنانی یان هێنانە بوونی ئەوە کە لە راستیدا بوونی نییە) و (ئۆشیا) ی خانمەتوێژەر سەبارەت بەهزرەکەی (جیلنەر) دەڵێت: پێویستە ئەو هزرە نەبێتە هاوواتای لێگۆڕین و ساختەکاری بەڵکو دەبێت ئاماژەیەك بێت بۆ پرۆسەیەکی داهێنەرانە کە سەرجەم کۆمەڵگاکان ، ئەندێشەی ئەکەن. لەبەر ئەوە کورد هەروەکو (ئۆشیا) دەڵێت ناوێکی هاوبەشیان هەیە (وێڕای دووچاربوونەوەی بە چەندین گۆڕانکاری و) وە هەروەها ئەندێشەکاری دیاریکراویان هەیە سەبارەت بەرەچەڵەك مێژوویان و بەیەکزمانیش دەئاخڤن (بەچەند دیالێکتی جیاواز) (١٢).

(شەرەفەدین خان بەدلیسی) کتێبێکی مێژوویی گرنگ و بەنرخی سەبارەت بەکورد داناوە بەناونیشانی (شەرەفنامە) بەزمانی فارسی لەساڵی ١٥٩٦. چەندین ئاماژەی بایەخدار هەیە لەمەڕ وڵاتی کورد- کوردستان. ئەو دۆخەی کورد کاری کردبووە سەر شاعیرێکی گرنگ لە شاعیرانی کورد ئەویش (ئەحمەدی خانی) یە ١٦٥٠-١٧٥٨ کە لەدیوانە بەناوبانگەکەیدا (مەم و زین) هەندێ سیمای ناوەڕۆکی هزری نەتەوەیی کوردی هاتووە. ناوبراو تێگەیشتووە لەوە کە گرنگترین بنەڕەتەکانی بنیاتنانی کیانێکی نەتەوەیی بۆ هەر گەلێك بریتییە لە زمان پاشان مێژووی هاوبەش (١٤)( فەرهاد شاکەلی) و لێکۆڵیار دەڵێت ئەو داستانە دۆخ و حاڵەتی گەلی کورد و خەمەکانی پێشان دەدات... گوزارشت لەو ئامانجانە ئەکات کە کورد لە پێناو خەباتی کردووە(١٤).

لەگەڵ ئەوەشدا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد دوا کەوت بۆ دوماهیەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و لەو بارەوە د. عیسا ئەوە دەنووسێت شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلاّ١٨٧٨-١٨٨١ شۆڕێکی نەتەوەیی بوو بەچەمکی نوێ و شێخ عوبەیدوڵلاّ کوڕی شێخێکی ئایینی بوو کە لە کوردستانی تورکیا دادەنیشت و یەکەمین کەسیش بوو بانگهێشتی کرد بۆ یەکێتی کورد و سەربەخۆیی کورد(١٥).

بەم شێوەیە هەروەکو د. عیسا دەڵێت سەدەی نۆزدەهەم سەرەتای بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی هاوچەرخە بۆ کورد ئەوانەی وایان لێهاتبوو داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان دەکرد لە دەوڵەتی عوسمانی (١٦). لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەو شۆڕشەکانی کورد نەیانتوانی ئەوەی مەبەستیانە بەدی بهێنن و ئەوەش وای کرد کوردان بەشێوەیەکی زیاتر بایەخ بدەن بەرێکخستنی سیاسی و حزبییەکان (١٧) ئەوەبوو هەستی نەتەوەیی دەستی بەبڵاوبوونەوە کرد لەناو خوێندەوارو نیشتیمان پەروەران لە ریزی بازرگانەکانی کە تێبینی گرنگی راگەیاندنیان کرد لە بڵاوبوونەوەو تەشەنە پێکردنی هزرەکانیان و خزمەت کردنی دۆزی کورد و لەئەنجامی ئەوەشدا یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لەشاری ئەستەنبوڵ لەساڵی ١٨٩٨ لەلایەن میر میقداد مەدحەت بەدرخانەوە، هاتە دەرکردن و پاشان گوێزرایەوە بۆ قاهیرە ئەوجا بۆ جنێف و دواتر گەڕایەوە بۆ ئەستەمبۆڵ دوای کارکردنەوە بەیاسای بنەڕەتی عوسمانی ، رۆژنامەی ناوبراو ئاڕاستەیەکی لیبرالیستی رۆشنگەرایی هەبوو پاشان ئاڕاستەی ئۆپۆزۆسیۆنی دژ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەرگرت.

١٩١٨ شکستی خوارد و دۆڕاو پاشان هەرەسی هێناوە کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ دا دامەزرا بەوەش بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی پێیان نایە سەردەمێکی تازەوە کە بەوە جیا دەکرێتەوە رەهەندێکی نوێ وەرگرتن ، چونکە لەناوەخۆدا دابەش بوو بەسەر سێ دەوڵەتداو لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیش ئەوەبوو ئیتر دۆزی کورد لەناو دەوڵەتی تورکیادا (وەکو وەرەسەیەك بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) بەرتەسك نەدەبۆوە، بەڵکو دەست تێوەردانی هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتی ئیتر رۆڵێکی گرنگیان دەگێڕا لەکاردانی ئەو دۆزەدا و هێشتاش دۆزی کورد ئەو خەسڵەتەی لەدەست نەداوەو بۆتە یەکێك لەو دۆزە زۆر ئاڵۆزەو لەتەقینەوەی کە رووبەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتەوە لەم کاتەی ئێستادا و ، هەروەها ئەو دۆزە نوێنەرایەتی پێگەیەکی دیار دەکات لەنێوان چەندین گرفت و دۆزی نەژادی- نەتەوەیی لەساتەوەختی دوای جەنگدا (١٨).

**ئایدۆلۆژیای هزری نەتەوەیی کورد**

دوای خستنە رووی رەوشی گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی کورد ئەم پرسیارەمان دێتە پێش: ئایا ئەو بزووتنەوەیە پەیوەست بوو بە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییەوەو ئەی چۆن دەستی بەسەرهەڵدان کردووە؟ لە راستیدا سەرەتاکانی تەشەنەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد لەلای خوێندەواران و – بزنسمانان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەکرێت بەسەرەتا راستەقینەکان دابنرێت بۆ سەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی کورد و دەکرێ رۆژنامەی کوردستان بەفاکتەرێکی گرنگ لەقەڵەم بدرێت لەبەخشکردنی هزری نەتەوەیی کە جەختی کردۆتە سەر یەکگرتنەوەی هێزەکانی کوردو کۆکردنەوەیان لەدەوری ئەو هزرە نیشتیمانییە بانهێشتکارە بۆ رزگارکردنی کوردستان ئازادکردنی لە دەسەڵاتی تورکیاو پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ(١٩). ئەوە بوو یەکەم جار خوێندەواران بتوانن کار بکەنە سەر سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هزرەکانی کە لە ١٤ خاڵەی ویلسۆن سەرۆکی ئەمریکادا هاتبوو کاریگەری بەسەریانەوە جێهێشت نەخاسمە خاڵی ١٢ سەبارەت بە پێویست بوونی دابین کردنی دەرفەت بۆ کەمینەکان لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا

بۆ گەشەپێدان و سەربەخۆبوون (٢٠). ئاشكرایە هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە هۆی سەرهەڵدانی شوناسی نەتەوەیی تازەو نەخاسمە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی كورد.

توێژەران ئان و ساتە هەستیارو دژوارەدا سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد جەخت دەكەنە سەر رۆڵی دەستەی خوێندەوار لە پەرەپێدانی هزری نەتەوەیی كوردا، ئەوەش لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەرچەرخانە كۆمەڵایەتی و ئابوورییانە لە دەوڵەتاندا كە كوردیان بەسەردا دابەشكرا(٢١).

بەڵام ئەو سەربژێرە خوێندەوارە دەسەڵات و نفوزێكی بەهێزیان نەبوو لەناو كۆمەڵگەی كوریدا، بۆیە هێزە تەقلیدییەكان پێگەو پێشەنگی خۆیان پاراست و هێشتەوە لە ئاڕاستەكردن و سەركردایەتی كردنی هزرەكانی نەتەوەیی و رۆڵێكی یەكلاكەرەوەیان گێڕا لە شۆڕشەكان و لە راپەڕشینەكانی كەلەو دەوڵەتانەدا روویاندا.

لەراستیدا هزری نەتەوەیی كورد (بەكوردی پێی دەوترێ كوردایەتی و لەزمانی عەرەبیدا لە بەرامەر ئەوەدا بەهزری نەتەوەیی دەوترێت (العروبە)تەنیا چوارچێوەیەكی گشتی هەیە، بەڵام وردەكارییەكەی هەر حزبێك یان بزووتنەوەیەكی سیاسی یان گردبوونەوەیەكی نەتەوەیی بەگوێرەی دیدگای تایبەتی خۆی، وەری دەگێڕێت.

بەم شێوەیە بیرمەندێكی نەتەوەیی وەهای كورد دەرنەكەوتووە كە بتوانێت چوارچێوەیەكی فەلسەفیانە لە بزووتنەوەی نەتەوەی كوردی چەكەرە پێبكات. وەك لە بزوتنەوەیی لە ئەوروپا یان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست رووی دابوو. بۆیە بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد لە چوارچێوەیەكی گشتی ئامانجەكانی روون بوو (وەك بڵاوكردنەوەی چەمكەكانی : سەربەخۆیی، ئازادی، مافی نەتەوەیی .. هتد) بەڵام هەمان كات ئەزمونی فكری فەلسەفی تێدابوو ئەویش دەگەرێتەوە ئەو هۆیەی كەوا بزوتنەوەی رزگاری خوازی كورد و بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد فەلسفەكی تایبەتی خۆی نەبوو بۆیێ لەناوی ئەم بزوتنە ململانێیە زۆر قوڵ لەنێوان چەندین مفاهیمی جیاواز (وەك لیبرالیس، سوسیالزم، ماركسیزم، ) لەخۆی دیت لەبەر ئەوەش ئەو بزووتنەوەیە بەدەستی سەركردە سیاسیەكانەوە مایەوە كە حیزبی سیاسی یان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی یان راپەڕینی میللی سەركردایەتی دەكەن(٢٢). لەگرنگترین ئەو سەركردانەی كە هاوبەشیان كرد لەتێن و گردان بەبزووتنەوەی نەتەوەیی كورد و بەرەو پێشەوە بردنی تەنانەت گەرنەشیان توانیبێت ئامانجەكانی بزووتنەوەكەیان بەجێ بهێنن:

- میر بەدرخان ١٨٢١ كە بزووتنەوەكەی لەساڵی ١٨٢١ ەوە تا ساڵی ١٨٤٧ درێژەی هەبوو.
- شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بزووتنەوەكەی لەساڵی ١٨٧٣ تا ساڵی ١٨٨٣ خایاند.
- شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ (توركیا).
- ژەنەراڵ ئیحسان پاشا ١٩٢٧-١٩٣٠(توركیا).
- شێخ مەحموودی حەفید سەركردایەتی چەند بزووتنەوەی چەكداری كرد لە ساڵەكانی ١٩١٨-١٩٢٠-١٩٢٣-(ئێراق).
- شێخ ئەحمەد بارزانی ١٩٤٣(ئێراق).
- مستەفا بارزانی سەركردایەتی بزووتنەوەكانی ساڵانی ١٩٤٥-١٩٦١-١٩٧٥( ئێراق) كردووە.

- قـازی محەمەد ١٩٤٦-١٩٤٧ ئێران.

هەروەهاش ڕێکخستنە کوردیەکان ڕۆڵی خۆیان هەبوو لەتەشەنە پێکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی لە گرنگترین ئەو ڕێکخستنە نەتەوەیی و نیشتیمانیانە (لەگەڵ بەرواری دامەزراندنیان) : لە تورکیا – کۆمەڵی تەعالی و تەرقی کورد ١٩٠٨.

- حیزبی خۆیبوون – سەربەخۆیی ١٩٢٧.
- حیزبی کرێکارانی کوردی ١٩٧٨.
- حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٩٦٥.

لە ئێران :

- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان -١٩٤٢.
- حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٥.

لە ئێراق:

- کۆمەڵەی کوردستان ١٩٢٢.
- حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێراق شۆڕش – ١٩٤٥.
- حیزبی رزگاری کورد ١٩٤٥.
- پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦.
- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ١٩٧٦.

* پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانستی سیاسی / کۆلێجی زانستە سیاسییەکان زانکۆ سەلاحەددین/ هەولێر.

پەراوێزەکان:

١- لەوانە (هێردەر) فەیلەسوفی ئەڵمانی ١٧٤٤-١٨٠٣ دانەری پەرتووکێکی بەناوبانگ بەناوی (فەلسەفەی مێژووی مرۆڤـایەتی- چواربەش لەماوەی نێوان ساڵی ١٧٨٤ و ١٧٩١ دەرچوو.

٢- لەو فەیلەسوفانەی بەشداربوون لەم ئاڕاستەیەدا فەیلەسوفی ئەڵمانی (فیفتە ١٨١٤- ١٧٦٤) کە لە بنەڕەتدا فەلسفەکی خۆی لەسەر فەلسەفە (ڕەخنەیەکی کات بنیات ناو بەڵام پەری پێدا بۆ فەلسەفەیەکی ئایدیالی میتافیزیکی. لە گرنگترین دانراوەکانی (چەندین گوتار بۆ نەتەوەی ئەڵمانی ١٨٠٧-١٨٠٨) و ئەم کتێبە لەلایەن وەرگێڕی بەتوانا د. سامی ئەلجوندی وەرگێردراوە بۆ زمانی عەرەبی و لەلایەن دارولتەلیعەوە لەبیروت لەساڵی ١٩٨١ دا بلاوکراوەتەوە.